## بەسەرهاتی 19ەیەمین مەرگەساتی کیمیاباران و ئەنفالـکردنی

## دانیشتوانیدێی سەووسێنان وناوچەی قەرەداخ

خوێنەرانیئازیز! ئەوکارەساتەی لـەدێیی سەووسێنان ولـە ناوچەی قەرەداغ بینیومە بەسەرهاتی ناوچەیەکی بچوکە واتا چمکێکە لـەخەروارێك لـەو سەرگەردانیەییلـەهەڵبجەو لـەتەواویناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا دەرهەق بە گەل و نیشتمانەکەمان کراوە ، بەپێویستم زانی بۆ مێژو بۆ ڕای گشتی وەك خۆی باسی بکەم

لـە ئێوارەی 20یئاداری 1988دا لـە سەرلوتکەبەرزەکانی شاخی گڵـەزەردەو قۆپیو زەرتکەوسەگرمەو لـە بەرزایی دێهاتەکانی ناوچەی قەرەداخەوە مەشخەڵـیئاگری نەورۆز بەرز بۆوە .

بۆ ڕۆژی دووەم لـە ئێوارەی 21 /1988/3 خەڵـکی دێی(سەووسێنان)بە ژن و پیاوو منداڵـەوە بە جلوبەرگی کوردیەوە لـەڕۆژئاوای دێکە گردبوونەوە ، بەیادی ڕۆژی کۆنی کورد (نەورۆز)یان بەوتارو سرودو بەستەو هەڵپەڕکی گەرم کردبوو ، ئەم ئاهەنگ و دیمەنیئاگرانە لـە سەربازگە عەسکەریەکەی ڕژێمی بەعس لـە (گردیگوڵان)ەوە دیاربوو ئەیانبینی ، ئەو سەربازو ئەفسەرە ڕەگزپەرستە مرۆڤکوژانە بۆ تۆڵـە کەوتنە پەلـە تا ساتێ زووتر ئەو زەماوەندو یادەوەریە بکەنە شین وشەپۆڕ و تەنانەت باڵـندەو ئاژەلـەکانیشیان بکەنە خاك وخۆڵـەمێش.

بۆ ڕۆژی سێیەم لـە 1988/3/22دا لـە کاتژمێری شەشی ئێواریدا لـەوکاتەی ئاژەڵ بەرەو ماڵ ئەبونەوە و گەیشتبونە ناو دێکە ، دوکاندارەکان دوکانەکانیان دا ئەخست و بەرەو مزگەوت ئەڕویشتن ، منداڵـەکان هەر لـەناو کۆڵانەکاندا مابوونەوە یاریان ئەکرد ، لـە ناکاوێکدا دوو گولـە تۆپی دورهاوێژ دای بە ناوەڕاستی دێ کەدا ، ئەو گولـە تۆپانە کیمیایی نەبوون ، ئەوە لـەخۆیدا هەڵـخەڵـەتاندنێك بوو بۆ ئەوە بوو خەڵـکەکە ڕووبکەنە ژێر زەمینەکان و وابزانن تۆپبارانێکی هاکەزاییەو بەس ، خەڵـکەکە لـە مێژ بوو لـەگەڵ ئەو جۆرە تۆپە دور هاوێژانە ڕاهاتبون ، بەڵام هوشیار نەبوون کە ئەوە چاوبەست بوە لـێیان کراوە و بیریان لـە غازی کیمیایی نە کردبۆوە ئیتر بە پەلـە خۆیان گەیاندە ژێرزەمینەکان و کونە تەیارەکان کەبۆ بۆردومانی تەیارەو تۆپ دروستیان کردبوون ، لـەپاش چەند دەقیقەیەك لـەئارامی تەقینەوەکە لـەسەربازگە عەسکەریەکەی پشتیدێی گوڵانەوە چل گولـە تۆپی ڕاژیمەی کیمیاییدای بە ناو (سەووسێنان)و دەورو بەریدا . غازی کیمیایی قورسە ، دووکەڵـەکەی بەرز نابێتەوە بۆ ئاسمان ، ئەنیشێتە سەر زەویی و بۆن وبەرامەی بڵاو ئەبێتەوە و کاریگەری خۆی ئەنوێنێ، ئەوانەی لـەژێر زەمینەکاندا بوون هەر هەمویان بە خاوو خێزانەوە شەهید بوون ، ئەوانەی ماڵـیان لـە بەرزی بوو کاریگەری کیمیاییەکە ئەهوەن تر بوو لـە سەریان ، ئیتر لاشەی ئاژەڵ و ژن وپیاو منداڵ و باڵـندە لـە ناو کۆڵانەکاندا بەسەر یەکدا کەوتن ، ژمارەی شەهیدو بریندارەکان لـەو کاتەدا گەیشتە دووسەد بریندارو 78 شەهید . پێشمەرگە بەفریاگوزاریان کەوتن و زۆرینەی بریندارەکان بەوشەوەو بۆ بەیانیەکەی بەتراکتور گەیشتنە خەستەخانەکەی (حیزبی شیوعی) و (یەکێییینیشتانی) لـە پشتی دێی ئەستێڵـی سەرو ، هاورێ

(د.عادل و ناوی ئەوی‌تریانم لەبیرنەماوە عەرب بوون) ، و تەواوی پێشمەرگەکانی(حشع) لە خزمەتگوزاری ئەو خەڵکە بریندارانەدا بوون . بریندارەکان ژن وپیاو و منداڵ بوون ژمارەیان زۆر بوو فرمێسك بەچاویانا ئەهاتە خوارێ ، دەموچاو و لەشیان بوو بوو بە بلۆق , بۆری هەناسەو سیەکانیان سوتابوو دەست وپەنجەیان شین ومۆر هەڵگەڕابوو ، دکتۆرەکانمان وتیان: ئەم برینانەیان ئاسەواری غازی خەردەل و سیانیدو تابۆنە ، منداڵەکان لەتاو زامی برینەکانیان و بۆ سۆراغی‌دایکوباوکیان ئەگریان ، یەکتریان نەئەبینی بەدەنگ یەکتریان ئەناسیەوە ، جەلەکانی بەریان هەڵپروزابوو کە بۆمان ئەگۆڕین بە دەستمانەوە هەپرون هەپرون ئەبوو ، ئەو منداڵانە هەستیان ئەکرد کەسوکاریان نەماوون . دەرمانی (ئەترووپین) وەك قەترەو مەڵحەم و دەرزی بەکارتۆن لەحەستە خانەکەدا هەبوو ، پێش کیمیابارانی‌دیهاتەکان و دێی‌سەووسێنان بەنەخشەیەکی‌دارێژراوی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبەکاندا (حشع ، پدك ، ینك ، حسك ، پاسۆك) لە هێرشێکی ناکاودا ناحیەیی قەرەداغ یان لە دەسەڵاتی بەعس ڕزگار کرد ، گرتنی ڕەبیەکانی ڕۆژهەڵاتی شارەکەو مونەزەمەی بەعس و خەستەخانەکە کە بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی‌دانرابوو دەستیان بەسەردا گیراو تەواوی مونەزەمەو ڕەبیەکان و کەلوپەلی خەستەخانەکەو زیاتر لە 30 دیلی جاش وسەرباز و جێگری سەرۆك جاش (شیخ کەمال) دەستکەوتی پێشمەرگە دێرینەکانی(حیزبی شیوعی)بوو گوێزرانەوە بۆ مەڵبەندی عەسکەری حیزب، ئیتر ئەو دەرمانانە بۆ بریندارەکان سودێکی زۆری هەبوو .لەم چەند ڕۆژانەدا لەدادگایی‌کردنی تاوانبارانی کیمیاباران و ئەنفال لە بەغدا چەند شایەتێکی برینداری دێی‌سەووسێنان لە بەردەم دادگادا بوێرانە وەك ڕاستیەك ئەو برینپێچیەیان باسکرد کە لە خەستە خانەکەی (حشع) بۆیانکرابو .لێرەدا ئەڵێم باشتر بوو بەڕێز د. فائق گوڵپیش لەهەمان دادگادا لەشایەتیەکەیدا بۆ مێژو ئاماژەی بە خزمەتگوزاری دکتۆرەکانی هاوسنفی خۆی بکردایە وەك پشتگیریەکیش لەڕاستگویی ئیفادەی شایەتەکان .

بریندارەکان ورەیان بەرز بوو نەیان ئەویست بڕۆن بۆ خەستەخانەکانی شاری سلێمانی ئەوانەی بەرەو شار بڕۆیشتنایە حکومەت بەبریندارێتی ئەیگرتن و برینپێچیان بۆ نە ئەکردن ، ئەبوایە بەزۆر بیانوتایە بەچەکی کیمیایی ئێران بریندار بووین ، زۆرینەی ئەم دێهاتانەلەپێش و لەدوای لێدانی دێی‌سەووسێنان بەتۆپ و فڕۆکە کیمیاباران ئەکران وەك دێی جافەران ، دوکان ، بەلەکجار, بەڵخە,تەکێ ، تاڤان ، نەوتی ، خاوێ ، قازانقایە ، مەسۆیی، ئەستێڵ ، ئەو خەڵکە بەخاوخێزان و ئاژەڵەکانیانەوە بەڕۆژ لەترسی تۆپو تەیارە ومەرگ ولەناوچوون لەناو جەنگەڵەکان و بن تاشە بەردەکانی ناو شاخەکانی قۆپی بەو باران وسەرمایە خۆیان ئەشاردەوە ، حکومەتی بەعس بەمەی زانی ئیتر هلیکۆپترەکان بە شەو ئەهاتن و لەسەر دێهاتەکان لەنگەریان ئەگرتو بۆردومانی کیمییایی خۆیان ئەکرد و بە تۆپی دورهاوێژیش تۆپبارنیانیان ئەکردن. بۆ نمونە :

لەدوای لێدانی سەووسێنان بۆ شەوەکەی لە 22لەسەر23ی/1988/3کاتژمێر یانزەی شەو بوو دوو ساروخی کیمیایی لەدێی (دوکان)دا نزیك دێی شیوی قازی ، ژمارەیەك شەهیدو برینداری لێکەوتەوە ، تەواوی مەڕ و

ماڵاتیان بەرکەوتن ، شەهیدی جوانەمەرگ (گەردە)خانم کچێکی تەمەن 19ساڵ یەکی‌بوو لـە شەهیدەکان ، بریندارەکان هەر بەو نیوەشەوە گەیشتنە بنکەی بەتالیۆنی7یەهەڵبجە(حیزبی‌شیوعی)لـەدێی(شیوی‌قازی) ، دکتۆرەکانمان هاوڕێ عزالـدین (ئەکرەم) هاوڕێ ماجد (فرهاد) برینپێچی بۆ ئەکردن . بریندارەکان بۆنی سیرو پەتاتەو سێو و هێلـکەی کولاّویان لێ ئەهات ، هەندێکیان توشبوونەکەیان مەترسیداربوو ،بریندارێکیان پیاوبوو تەمەنی‌زۆر تینەپەڕیبوو چاوەڕێی نۆبە بوو دکتۆر بیبینێت بەلادا هات و کۆچی لـەناکاوی کرد و شەهید بوو، ڕوخساری دەم وچاوو دەست و پل و هەناسەو خیزەخیزی سنگ و ناودەمی‌سوتاویان وەك بریندارە کانی دێهاتە کانی تر وابوو.

شەڕی نێوان عیراق وئێران بەردەوام بوو هێزی ئارتەش و پاسدارانی ئێران لـەسنوری ناوچەی (قەرەداخ)ەوە دوور بوو ، فڕۆکە جەنگیەکانی عیراق(باجەرو هەنتەرو پیلاتۆزو سۆخۆیو کۆپتەرەکان)بەسەرئاسمانی‌ناوچەکەدا چوار چوار ئەهاتن و ئەڕۆیشتن بۆ بۆردومانی هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئیران لـە لوتکە بەرزەکانی شاخی زمناکۆ لـە ڕۆژهەلاّتی دەربەندیخان ، بەلاّم فرۆکەوانە بەعسیەکان لـەترسی بەرگری هێزی ئاسمانی سوپای ئێران بۆردومانیان نەئەکرد و هەروا ئەگڕانەوە و هەموو جۆری ساروخەکانیان بە سەر دانیشتوانی‌دیهاتەکانی ناوچەکەی ئێمەدا بەرئەدایە خوارەوە ، فڕۆکەوانەکان لـە ترسی سزادانیان نەیان ئەوێرا بەساروخە کیمیایە کانیانەوە بگەڕێنەوە بۆ فرگە عەسکەرییەکانیان لـە کەرکوك و سەلاحەالـدین . پێشمەرگەو خەڵکی ناو چەکە لـە ڕێگەی ڕادیۆوە لـە سەر شەپۆلی(ئیف ئێم)دەنگی فڕۆکەوانەکانمان وەرئەگرت ، لـەنێوخۆیاندا بەعەرەبی ئەدوان ، ئەوەشمان بیستبوو کە تاوانبار علـی حسن مجید ناسراو بە(علـی کیمیایی) بە موستەشارەکان و سەرکردەکانی هێزی عەسکەری وتبوو نابێ زیندوەر لـەناوچەی قەرەداغدا بمێنێت .

ئەم هێزە عەسکەریانەی ڕژێمی بەعس (فەیلـەقی یەك و پێنج لـە کەرکوك و هەولـێرلـەگەڵ هێزی پاسەوانی کۆماری ، هێزی تایەبەت لـە پاسەوانانی کۆماریی ، هێزی موغاویر و هێزی سوپای میلـلـی(الـجیش الـشعبي)و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (الـدفاع الـوطني)ئەمانە لـەبەرەی شەڕی ئێران لـەخواروی عیراقەوە ناردبویانن بۆ کوردستان بۆ ئەنفال کردن و قەتلوعامی‌دەیان هەزاران خێزانی‌کوردی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان ، ئیتر ئەو هێزانە لـەسەرەتای مانگی‌ئاداری1988ەوە هێرشی خۆیان دەست پێکرد لـەبادینانەوە لـە سنوری تورکیاوە تا باڵیسان وسەرگەڵوبەرگەڵو وناوچەی‌شوان وهەڵبجەو قەرەداغ و گەرمیان ، بە هەمو جۆرە چەکێکی کوشندە. ئیترلـەدوای ئەم کارەساتانە ئەو هێزانە لـە13 قۆڵـەوە بە زریپۆش و تانگ و تەیارەو و هێزی ئاسمانیی و تۆپی دورهاوێژ پەلاماری ناوچەی قەرەداخ یانداو کەوتنە ئەنفالـکردن و سوتاندن وێرانکردنی دێهاتەکان ، ئەوماڵ ومنداڵانەی فریایی خۆشاردنەوە نەکەوتن گیران و جاشەکان کەوتنە تالاّنکردنی سەروەت وسامانی ئەو خەڵکە لـەئاژەڵ و تراکتۆرو ئۆتومبیل و دەڕاسەو کەلـوپەلی ماڵـەکانیان ، گڕو کڵپەو دووکەڵی ئاگری دێهاتی سوتاو بەری ئاسمانی‌ناوچەکەی گرتبوو ، هاوارو قیژەی ژنان ومنداڵی بریندار ئەگەیشتە

شاخەكان ، بە تراكتۆرو زیلی عەسەری ئەیانبردن بۆ گرتوخانەكانی شارەكان. ئەو دیمەنە وەك فلیمی سینمای شەڕەكانی قەرنیناوە ڕاست ئەهاتە بەرچاو .

لەڕۆژی1988/3/26 ئەم دێهاتانە: مچەكوێر، عەلیاوا ،كەلۆش بە توپ و فرۆكە لێئەدران و ئەسوتان .

شەوی27لەسەر28 بۆ جاری سێیەم بە بۆمبیكیمیاییلەدێیجافەرانیدایەوە ، لە1988/3/30بەعس قەرەداغی داگیر كردەوە لەقۆڵێكی ترەوە جاشەكان و هێزی سوپای بەعس شاخەكەی پشتی سەوسێنانییان گرتوو دێیی بەلەكجارو شیوی قازی ونەوتی سوتێنرا . دەرەویانی خوارو دەرویانیسەرو و تیمارو تیلەكو ئاگری تێبەردرا. ئەم دیمەنانە لە لوتكەیشاخی قۆپیەوە ئەبینران ، لە هەمو لایەكەوە شەڕدامەزرابوو ، پێشمەرگە لە گەلێك قۆڵەوە دژ بەو هیزە زۆرە نابەرابەرەی دوژمن لەشەڕێكی دەستەو یەخەی بەرگری بێوێنەدا بوون ، تا ئەهات هێزی دوژمن زۆرتر ئەبوو لە هەوڵی ئەوەدا بوون گەمارۆی تەواو بخەنە سەر هێزەكانی پێشمەرگە، فرۆكە جەنگیەكان بێخەم بەكۆمەڵ بەئاسمانیشەڕكەدا ئەسوڕانەوەو بۆردومانی هێڵی پێشمەرگەكانیان ئەكرد . لە ناچاریداو لە نەبوونی هێزی فریاگوزاریی و شەهید و برینداریێكی زۆر و كەمیتەقەمەنی، پێشمەرگەی هەمو حیزبەكان بەیەكەوە بڕیاری پاشە كشەیاندا بەرەو ناوچەی شوان ، هەندێكیش بەرەو گەرمیان شەهیدو بریندارانی پێشمەرگەكانی (ح ش ع) ئەمانەبوون : شەهید شوان حەمە قوتو ، هاوڕێ بارام ،كاوەی عەول قادر(ئەسكەندەر) ، ملا بكر ، هاوڕێ سدیق ، علی سابیر ، بریندارەكان عبدوڵای مامە ، نامق ، حازم ، عادل هاوڕێیەكی عەرەب بوو ئەمانە لە شەڕی بەرگریدابوون لە پشتیدێی(شیوی قازیی)و زەرتكەو دێوانە و بەرەكانیتری شەڕ ئەمە بێجگە لەشەهیدو بریندارەكانی پێشمەرگە دلێرەكانی حیزبەكانی تر .

ئەم وەحشیەتگەریەیی ڕژێمی بەعس ئازاری زۆریداین بەڵام كپ و بێدەنگی وڵاتانی عەربییو جیهانیی و یەكێتی سوڤیەت و ئۆردوگای سۆشیالیزم ویەكێتیوڵاتە نێونەتەوەییەكان زۆرتر نارەحەتی كردبووین ، هەستمان ئەكرد بێكەسین ئومێدمان بە پشتگیری ڕای جیهانی نەمابوو ، بەعسی گەلكوژ كارێكی وای كردبوو تەنانەت دانیشتوانی شاری سلێمانی20كیلۆمەترێك لە قەرەداخەوە دورە نەیانئەزانی ئەو دڕندانە چ مەرگ و كارەساتێكیان بەدانیشتوانی ناوچەی قەرەداخ و سەووسێنان كردوە .هێزەكانی بەعس شەڕی ئێرانیان نەئەكرد هەرچی چەكی پێشكەوتووی نوێیان هەبوو لەبری دژ بە سوپای ئێران بەكاری بهێنن شەری لەناوبردنی گەلی كوردیان پێئەكرد .

پرۆفیسۆ خوشكە(كرستین)لەدانیشگایئەمریكاو دكتۆر(مایك)لەبەریتانیا ، دوو دۆستی گەلی كوردن چەنجارێك سەردانی هەڵەبجەیان كردوە. لە1999/6/5لەسوید – ستۆكهۆڵم كۆرێكیان بۆ بەستین لە سەر ڕوداوەكەی هەڵەبجە بە وێنەو فلیم پیشانی جەماوەرەكەیاندا و باسیئاسەواری مەترسیداری ئەو كیمیابارانەی كوردستانیان بۆ كردین ، ئەمە بەشێكی زۆر كەمی باسەكەیانە ، كرستین وتی: ئەم كیمیابارانە ڕوداوێكی مەترسیدارە و ژینگەی كوردستانی تێكداوە و لەم بارودۆخەی ئێستایكوردستاندا چارەسەری زۆر زەحمەتە .

کیمیابارانی هەڵـەبجە یەکەم ڕوداوە لـەدوای شەڕی دووەمی جیهانی ، ڕێژەی نەخۆشیدڵ و شیرپەنجە لـەکوردستاندا لـەسەدا بیست زیاترە لـەجیهاندا ، تا ئەمڕۆ زانایانیجیهانیدەرمانی چارەسەریان دژ بەو غازە تێکەڵاوە کیمیایە نەدۆزیوەتەوە وتی:ئاسەواریغازی خەردەل بەتێکەڵاوی لـەگەڵ غازیتر لـەسەردانیشتوانی ئەو ناوچانە لـە نەوەکانیانەو بۆ نەوەکانیدواتر کاریگەریخۆی ئەمێنێت ، زەوی ، ئاو ، کشتوکاڵ ، میوە هەروا بەمەترسیداری ئەمێنێتەوە ، بەڕای ئەو ئەبێ هەڵـەبجەو ئەو ناوچانەی بەکیمیایی بەرکەوتوە ئەبێ بەجێی بهێڵن و لـەو ناوچانە ژیان قەدەغە بکرێت ، وتی :بۆ چاکبونەوەی هەر برینداریێکی کیمیایی لـە دەروەی کوردستان بەدەیان هەزار دۆلاری تێئەچێت ، ئەمش هیچ وڵاتێك و ڕێکخراوێکیجیهانی نایەوێت یارمەتیئەم برینداره زۆرانە بیگرێتە ئەستۆی ، وتی: لـە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دەرمانێکی زۆر نێردرا بۆ هەڵـەبجە بەلاّم حکومەتی بەعسی عێراق دەستی بەسەردا گرت و نەی نارد . بەشداربوان لـەو کۆڕەدا ژن وپیاو دووسەد کەسێك ئەبوین ، پرسیارێکی زۆر کرا ، ئەگەر لـێرەدا باسی وەڵامەکانیان بڵـێمەوە بێگومان ئەبێتە ئازارێکی دەورونی بۆ ئەو لـێقەوماوانەی تا ئەم نوسینە ماون و بەدوای ئاوڕ لـێدانەوەیەکدا وێڵـن و تا ئێستا لـە لایەن کاربەدەستانەوە وەك پێویست هیچی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە شایەنی پێزانین بێت لـە یادکردنەوەی بێبەرهەم زیاتر بۆیان ، ئەویش لـە ساڵـێکدا چەند کاتژمێرێکە ، بەمەش ئازارەکانی جەستەو باری دەرونیان ئەکولـێننەوە ،مەبەست لـە باسەکەم بیرکردنەوەیەکی وەفادارییە وەك ئەرك حکومەت بیر لـەو ڕەشپۆشە لـێقەوماوانە بکاتەوە ، ئەوەی بۆیان بکرێت هێشتا کەمە.

19 ساڵـە کەسوکاری ڕەشپۆشی شەهیدان و ئەنفالـکراوان و کیمیابارانکراونی هەڵـەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان ، سکالـلاّیانە لـەسەر شەقامەم وبەردەم پەرلـەماندا بۆچارەیەك لـەبێدەرامەتیان ودابینکردنی قوتی رۆژانەیان ، نارەوایە هەروا بێوەلاّم و بەنائومێدی بمێننەوە ، پەرلـەمانی کوردستان و حیزبەکوردستانیەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان بەرپرسن لـەم ساردیەیان ، پێویستە بە خۆیاندا بچنەوە ، ئەم بێدەنگیەیان ئەبێتە هۆی فراوان بوونی بێزاری زیاتری لـێقەوماوانی تورە و تێکچوونی شیرازەی دەسەلاّت و وتنەوەی دروشمی ( الـشعب في خدمه كوادر الـحزب)!!.

2007/3/15 قادر ڕەشید Kader_a29@hotmail.com